ڕێنماییەکی بەپەلە بۆ گەڕانەوەی گروپێکی مەشقی عێراقی کە پێکهاتوە لە 500 کەسی لە ئەفسەر لەپاکستان

وەزارەتی بەرگریی عێراق ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاند، سودانی فەرمانی گەڕانەوەی هێزێکی عێراقی دەرکردوە کە پێکهاتوە لە 500 کەس لە ئەفسەر و کارمەندان لە ئیسلامئابادی پایتەختی پاکستان، کە بەمەبەستی مەشق و ڕاهێنان سەردانی ئەو وڵاتەیان کردوە.

وەزارەتی بەرگریی عێراق لە بیاننامەیەکدا باسی لەوەکردوە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان ڕێنمایی گەڕانەوەی گروپێکی مەشقی عێراقی کە پێکهاتوە لە 500 کەسی لە ئەفسەر و کارمەندانی وەرگیراو لە ئیسلامئاباد دەرکرد.
ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو کەسانە سەر بە فەوجی دوی لیوای 66ن لە فیرقەی دوەمی هێزە تایبەتەکان، کە لە ئەستادا لە پاکستاندان، بەپێی ڕێککەوتنێکی پێشوی نێوان هەردو وڵات بەمەبەستی مەشق و ڕاهێنان ڕەوانەی پاکستان کراون، بەڕێام بەهۆی دۆخی ئەستای ئەو وڵاتەوە دەگەڕێنرێنەوە.
وەزارەتی بەرگریی عێراق دەڵێت، ئەو هێنگاوە لە خەمی سەلامەتی هێزە چەکدارەکانە و ڕەوشوێنی پێویست لەلایەن وەزارەتەوە گیراوەتەبەر بۆ گەڕانەوەیان بۆ عێراق.